# ڕۆژێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەسەنی هێنا بۆ سەر مینەر، وفەرمووی: ئەم کوڕەم گەورەیە (سەیدە)، هیوام ئەوەیە خوای گەورە بیکاتە هۆکاری ئاشتبوونەوە لە نێوان دوو کۆمەڵی مسوڵمانان

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەسەنی هێنا بۆ سەر مینەر، وفەرمووی: «ئەم کوڕەم گەورە وسەرداره (سەیدە)، هیوام ئەوەیە خوای گەورە بیکاتە هۆکاری ئاشتبوونەوە لە نێوان دوو کۆمەڵی مسوڵمانان».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ڕۆژێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەسەنی لە گەڵ خۆی هێنا بۆ مزگەوت لە کاتێکدا حەسەن منداڵێکی بچووک بوو، بۆیە سەری خست بۆ سەر مینبەرەکەی لە مزگەوتەکەیدا، وبە خەڵکی فەرموو کە حەسەنی کوڕی سەید وگەورەیە، وبنچینەی ڕەسن وبەخشندەیە، وسەر بە ڕێزدارترین بنەماڵەیە لەسەر زەویدا، وخوای گەورە -سبحانە وتعالى- حەسەن دەکاتە هۆکاری ئاشتبوونەوە و وەستانی جەنگ ودووبەرەکی لە نێوان دوو کۆمەڵی مسوڵمانان، وبەهۆیەوە هەموو مسوڵمانان یەکدەگرن ودەبن بە یەک دەست. وبێگومان ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی ڕاستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- کە باسی ڕووداوێک دەکات کە ئەم سەیدە گەورەیە (حەسەنی کوڕی عەلی) هۆکار دەبێت بۆ یەکگرتنەوە وئاشتبوونەوەی دوو کۆمەڵ لە مسوڵمانان ونەهێشتنی دووبەرەکی وناکۆکی لە نێوانیان، وئەمیش ڕوویدا بە دەستبەرداربوونی لە خەلافەت بۆ موعاویە، کە ئەمیش بووە هۆی یەکگرتنەوەی مسوڵمانان، و وەستانی خوێن ڕشتن، وئەم ڕووداوە لە ساڵی کۆمەڵ ڕوویدا (بە -عام الجماعة- ناسراوە) لە ساڵی 40 یان 41 ی کۆچی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11172

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee